". . . پاشان وتم، ئەی ئەو شۆخەقارەمانە کییە وا ئەو هەمو ئەژدەهایانە لەبەر خەرمانەکەی هەلدین و هەندیکیان تەنانەت
فریا ناکەون و دەسوتین ؟
وتی. : ئەوە فاتمەیە. "
لە" کۆمیدیای کوژەرە ترسنۆکەکان"ەوە

شەهیدی ریگای ئازادی، فاتمە شاهیندال لەگەل" پاتریك" ی خۆشەویستەکەی دەبیت

حەمید کەشکۆلی

فاتمە وپاتریك دیسان لە گۆرستانی ئوپسالا یەکدەگرنەوە و دەبنە تارمایی مەرگ بۆ تەواوی شۆفار و بەکرەمەرکەوەرەکان.
رۆژی دووشەممە ٤ی فبریواری ٢٠٠٢ لە کلیسەی ئوپسالادا، دوای ساتیك راوەستان بۆ ریزگرتن، فاتمە دەگوازریتەوە بۆ ئارامگەکەی لە بەرامبەری گۆری دۆستکەکەی کە بە روداوی ماشین جوانەمەرگ بوو. فاتمە هەرچهند ئەندامی کلیسە نەبوە، لەگەل ئەوەشدا لەویدا یادی پیرۆز دەکری. مالباتی فاتمە لەگەل جفاتی کلیسەدا لەسەر بەریوەبردنی مەراسیمەکە ریکەوتوون و هەوالیکی خویندکاری فاتمەش لە زانکۆی میت ی ئۆستەرسوند وتاریك دەخوینی و راویژکارا حکومەت مونا سالین حکومەتەکەی نوینەرایەتی دەکا.
هەروەهاش تلفزیونی ٤ ی سوید TV4 راستەوخۆ مەراسیمەکە نەقل دەکا. پولیس زانیاری داوە گۆیا ٥٠٠٠– ٧٠٠٠نەفەر لە کلیسەکەدا بۆ مەراسیمەکە ئامادە دەبن.
هەروەهاش خزمەکانی فاتمە هەرەشەی راسیستانەیان لی کراوە وبە قسەی رادیو ئوپلاند قسەکەریکی پولیس وتویەتی لەسەر دوو دەرکەی مالی کەسوکاری فاتمە هەرەشەو جنیو نوسراوە و بلاڤۆك بەخش کراوەتەوە.

فاتێ گیان
دلنیا بە لەکوژەکانت خۆش نابین.